# هەڤاڵ عومەر حەسەن بۆ هەفتەنامەی ڕۆژی گەل دەدوێ

**پرسیار/ دەکرێ پێناسەیەکی کورتی حزبی ڕزگاریی کوردستان بۆ خوێنەرانمان بکەیت؟**

وەڵام/ حزبی ڕزگاریی کوردستان، حزبێکی نیشتمانی دیموکراتی پێشکەوتنخوازە، خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بەیەکەوە گرێدەدات و لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی سۆسیالیزم و یەکسانیخوازیدا هەنگاو هەڵدەگرێتەوە، هاوکارت پەیڕەوی لە دیموکراسی و سۆسیالیزم دەکات.

بێگومان دەزانین کە هێشتا کوردستان قۆناغی ڕزگاری تەواو نەکردووە، بۆیە خەبات کردن بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی خاک و گەلەکەی ئەرکێکی لە پێشینەی هێزە وڵاتپارێزو نیشتمانپەروەرەکانە، خەباتی چینایەتیش بۆ گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتیە، واتە گەیشتن بە یەکسانی و مسۆگەرکردنی ژیانێکی باشتر بۆ هەمووان، واتە دابینکردن و باشکردنی ژیان و بژێوی کرێکارو جووتیارو چەوساوەو هەژارو زەحمەتکێشان. بەوهۆیەوە حزبی ڕزگاری هەردوو شێوە خەباتەکە بەڕێوە دەبات.

هەڵبەت دەکرێ شتی دیکەش سەبارەت بە دروشم و ئارمانجەکانی حزبی ڕزگاری باس بکەین، بەتایبەتیش بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کوردستان و بڕیاردان لە چارەنووس، وەک یەکەمین هێزی سیاسی لە مێژووی کوردستاندا دروشمی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی هەڵگرتووە بۆی تێدەکۆشێ.

**پرسیار/ دیدو بۆ چوونت سەبارەت بە کۆنگرەی سێیەم چیە؟ دەکرێ هەندێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە باس بکەیت؟**

وەڵام: دیارە کۆنگرە وێستگەیەکە بۆ چاوخشاندنەوە بە کارەکانی ڕابردوو، هەروەها نوێکردنەوەو بوژاندنەوەی حزبیشە، چونکە گوڕو تینێکی تازەی پێدەبەخشێ و سەرکردایەتیێکی نوێ هەڵدەبژێرێتەوە، هەروەها کۆنگرە کارنامەو پلانی تازەو کادری تازەو خوێنی تازە بە حزب دەبەخشێ، بۆیە دەبێ بە وردبینیەوە بڕیارو ڕاسپاردەی پێویست وەربگرێ، گرنگترین بڕیاری سێیەمین کۆنگرە، کارکردن بۆ مسۆگەرکردنی یەکهەڵوێستی و هاودەنگی کوردستانیان سەبارەت بە پرسە چارەنووسسازەکان بوو، ئەویش بەمەبەستی کورتکردنەوەی ڕێی گەیشتن بە ئاواتەکانمان. لەلایەکی دیکەوە کۆنگرە جارێکی دیکە دووپاتی کردۆتەوە کە دەستکەوتەکانی باشووری وڵاتەکەمان، دەستکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانین، دەبێ لێبڕاوانەو شێلگیرانە حزبی ڕزگاری داکۆکی و پارێزگاری لە دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان بکات و بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان تێبکۆشێت. هەروەها تێکۆشان بۆ دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان و دانپیانانی لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە بە کارێکی لە پێشینەی هێزە سیاسیەکان دادەنێ و دەبێ لە لوتکەی خەباتی داهاتووی حزبی ڕزگارییدا جێ بگرێ، ئەوەش وا دەخوازێ کە هەماهەنگی و هاوهەڵوێستی تەواو لەنێوان ڕێکخراوو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان پەڕەی پێبدرێ، هەر ئەوەش وایکردوە کە حزبی ڕزگاریی کوردستان پشتیوانی خۆی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپات بکاتەوە.

ئەمانە چەند بڕیارێکی گرنگی سێیەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاریی کوردستان بوون، هەڵبەت چەندین بڕیارو ڕاسپاردەی دیکەش وەرگیراون و لە پێناویاندا تێدەکۆشین.

**پرسیار/ بۆچی کۆنگرە دانیشتنی دووەمی دواخست؟**

لە ڕاستیدا ئەوە پێشنیاری من بوو، دوام لە کۆنگرە کرد کە بە فەرمی داوای ئەو پێنج هەڤاڵەی سەرکردایەتی پێشوو بکات تا بێن بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان بۆ پێشنیارەکەی مندا و بەنامەی فەرمی داوایان لێکرا تا بێن و بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، ئەگەر وەک خۆیان دەڵێن کە کێشەو گرفتیشیان هەیە با لە ناو کۆنگرەدا باسی بکەن و کۆنگرە بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر بدات، بەڵام بەداخەوە ئەو هەڤاڵانە گوێیان نەگرت و ئەو دەرفەتەیان لەدەست خۆیان دا و داواکەی کۆنگرەیان ڕەت کردەوە. پێشنیارەکەی من و ڕاگرتنی دانیشتنی دووەمی کۆنگرە، کارێکی ویژدانی و حزبی گرنگ بوو، لەبەرژەوەندی حزب و خودی ئەو هەڤاڵانەش دابوو، بۆیە دەڵێم ئەوان خۆیان لە ئاکام و بڕیارەکانی کۆنگرەدا بەرپرسیارن.

**پرسیار/ جیاوازی لەنێوان کۆنگرەی سێیەم و کۆنگرەکانی دیکە چی بوو؟**

وەڵام: لەبنەڕەتدا کۆنگرە پێویستیەکی مێژوویی بەڵگە نەویستە، لە زۆر ڕووەوە لەیەکتر دەچن، بەڵام هەر یەکەیان لە کات و ڕەوشێکی تایبەتدا بەڕێوەدەچن، بۆیە لەوانەیە بڕیارو ڕاسپاردەی جیاوازیش وەربگرن. دیارە کۆنگرەی سێیەمیش ڕەوشێکی تایبەتی هەبوو، بەهۆی ئەوەی بەگوێرەی پەیڕەوی ناوەخۆ دەبوایە ساڵی 2008 کۆنگرەی سێیەم ببەسترابایە، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی کە ئێستا هەم حزب و هەم هەرێمی کوردستانیش ڕەوشێکی تایبەتیان هەیە، ئێستا شەشەمین کابینەی حکومەتی هەرێم دەستی بەکارەکانی خۆی کردوە، هەرێم پێشکەوتنێکی گەورەی لەرووی ئابوری و بیناسازیەوە بەخۆیەوە بینیوە، ڕەوشی ئاسایش ئارام و جێگیرە، جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا هەیە، ئاستی ژیان و بژێوی خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر باشتر بووە دەکرێ بگوترێ کە 100% جیاوازی لەگەڵ دەساڵ لەمەوبەری هەیە، هەنگاوەکانی پێنج ساڵی ڕابردوو گرنگ و بایەخدار بوونە، بەڵام هێشتا کێشەو ناکۆکیەکانی هەرێم لەگەڵ بەغداد یەکلایی نەبۆتەوە، بۆیە دەکرێ لەژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەدا کۆنگرەی سێیەم پێکهاتوەو بڕیارو ڕاسپاردەی وەرگرتوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم کۆنگرەیە زۆر بایەخی بە خۆ ڕێکخستنەوە داوە، ڕەخنەگرانە ڕابردووی حزبی هەڵسەنگاندووەو لێکدانەوەی بۆ کردوە. لە کۆنگرەکانی تردا کۆمیتەی ئامادەکار دەیتوانی کادرێک دەستنیشان بکات و بۆ کۆنگرە بانگهێشتی بکات، بەڵام ئەم جارە نوێنەرانی کۆنگرە لەناو ڕێکخستنەکاندا هەڵبژێردرابوون و نوێنەرایەتی لایەنی کەم دە ئەندامی دیکەی حزبیان دەکرد. هەروەها یەکەم جاریشە کە کۆنگرە ژمارەی ئەندامانی سەرکردایەتی کەمبکاتەوە. لەکۆنگرەکانی تردا نوێنەرێکی دیکەی کۆنگرە دەیتوانی هەڤاڵێکی دەرەوەی کۆنگرە کە بۆی نەکراوە بەشداری لە کۆنگرەدا بکات بۆ سەرکردایەتی کاندید بکات، بۆ نموونە لە کۆنگرەی دووەم چەند هەڤاڵێک بەهۆی تایبەت نەیانتوانی بوو بێن و بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، کەچی کاندیدکران و دەنگیشیان هێنا، بۆ نموونە هەڤاڵان چالاک محەمەد، سەرکەوت جاف، هاوکار محەمەد، جەوهەر عەلی و مامۆستا شەریف، بەڵام ئەم کۆنگرەیە ڕێی نەدا ئەو شێوازەی پێشو دووپات بکرێتەوە، لەوانەیە هەندێک کادری باش لە دەرەوە یان ناوەوەی کوردستان هەبن و شیاوی سەرکردایەتی بن، بەڵام چونکە لە ناو کۆنگرە ئامادە نەبوون، ئیتر ئەو مافەیان پێڕەوا نەبینرا. هەروەها یەکەمین جاریشە کە کۆنگرە بڕیاری دەرکردنی چەند ئەندامێکی حزب بدات. بۆیە دەکرێ بڵێین کە کۆنگرەی سێیەم

**پرسیار/ ئایندەی حزبی ڕزگاریی کوردستان چۆن دەبینیت؟!**

وەڵام: حزبمان، حزبی ڕزگاری لەو ڕۆژەی کە ڕاگەیاندراوە بە ڕێگەی سەخت و دژواردا تێپەڕبووە، زۆر جارانیش غەدری گەورەی لێکراوە ڕێی گەشەکردنی لێگیراوە، کۆسپ و تەگەرەی خراوەتە سەر ڕێ. کاروانی خەباتی پڕ هەورازو نشێو وکۆسپ و تەگەرە بووە، بەڵام کادرو ئەندامانی دڵسۆزو بوێری هەبووە، هەمیشە ڕانەوەستاوەو بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە، بۆ ڕاستی قسەکانم کۆنگرەی سێیەم دەکەم بەنموونە، چونکە زۆر کەس پێیانوابوو کە حزبی ڕزگاری ناتوانێت کۆنگرەی سێیەم ببەستێت، یان سەرکەوتوو نابێ و بڵاوەی لێدەکرێت، بەڵام بۆ دۆست و ناحەزو دوژمنیش سەلماندمان کە ئاکام ئێمە ئیرادەمان هەیەو دەتوانین سەربکەوین، دەتوانین ڕێگەی خەباتمان ڕوناک بکەینەوە و نەهێڵین کەس حزبی ڕزگاری بەلاڕێدا ببات، کۆنگرەی سێیەم تەکانێکی تری بە تێکۆشانمان داوە، دڵنیاین و باوەڕیشمان وایە کە بەسەر تەگەرەکاندا تێپەڕ دەکەین و سەرکەوتوو دەبین.

**پرسیار/ پێتوایە کە دوای گۆڕانکاریەکان، حزبی ڕزگاری دەبێتە ئەزموونێکی پێشکەوتوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیدا؟**

وەڵام: بەدڵنیاییەوە دەڵێم حزبی ڕزگاری خۆی لە خۆیدا هەر لە ڕۆژی ڕاگەیاندنیەوە ئەزموونێکی نوێ و پێشکەوتوو بوو. ئێمە کێشەمان لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا نیە، بەڵکو هاتەریب لەگەڵیاندا دەڕۆین و خۆمان گۆڕانخواز بووین و هەوڵی بەرەوپێشەوە چوون و پێشکەوتن دەدەین. هەندێکجار بەهۆی کێشەو گرفتەوە حزب تووشی سستی و ڕاوەستان دەبێ، بەڵام خۆشبەختانە حزبی ڕزگاری لەو کێشانە دەرچووەو گۆڕانی گرنگ و بەرچاویشی پێکهێناوە، ئەمەش ئەزموونی نوێ و پێشکەوتنخوازی دێنێتە ئاراوە، جا چ لەناو حزب بێ یان لەناو بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا بێ، حزبی ڕزگاری شان بەشانی لایەنە پێشکەوتنخوازەکاندا تێکۆشاوەو لێبڕاوانەش تێدەکۆشێ، بۆ ڕزگاری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات، ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری وڵاتەکەماندا بەدەست هاتووە، ئەزموونێکی پێشکەوتووە، بەرهەمی ڕەنجی هەمووانە، واتە بەرهەمی ڕەنجی تێکڕای خەڵکی کوردستانە بە هێزە سیاسیەکانیشەوە. بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم: بەڵێ حزبی ڕزگاری دەبێتە ئەزموونێکی دەوڵەمەندو پێشکەوتوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا.

**سازدانی: ڕۆژی گەل**



## پڕۆفایل:

- عومەر حەسەن، ساڵی 1963 لە دایک بووە.
- لە سەرەتای ڕاپەڕین تا کۆنگرەی یەکگرتن بەرپرسی ڕێکخراوی هەولێری پارتی گەل بووە.
- لە ڕۆژی 15-8-1993 لەگەڵ دەستەیەک هەڤاڵی دیکە، شەرەفی ڕاگەیاندنی حزبی ڕزگاریی کوردستانی پێبڕاوە.
- لە یەکەمین و دووەمین و سێیەمین کۆنگرە بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە.
- لە ساڵی 1995 تا ئێستا کارگێڕی مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستانە.
- ژنی هێناوەو شەش منداڵی هەیە.
- خوێندنی ئامادەیی تەواو کردوە.

# مرۆڤی هاوچەرخ و خولیای مەسرەفکردن

لەم دونیا جەنجاڵەی کە داماڵراوە لە بەها مرۆیی و ڕوحییەکان لەگەڵ هاتنە ئارای قەیرانەکانی شارستانیەتی تەکنۆلۆجی و زاڵبوونی لایەنی مادی بەسەر لایەنە مەعنەوییەکان وئاوەژووبونی ڕاستییەکان، مرۆڤ لەگەڵ دەورو بەرو لەگەڵ خۆیدا دووچاری نامۆیی دەبێ، بۆیە پێش ئەوەی بچینە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، پێویستە پێناسەیەکی کوت بۆ نامۆبوون بکەین.

نامۆبوون: واتە لەدەستچوونی دەسەڵات و گۆشەگیری و تووڕەیی و ڕق هەستان و پچڕان لە واقیعی ژیان، هەروەها وشەکە لە زمانی لاتینیدا بەوە لێکدەدرێتەوە کە مرۆڤ خاوەنی زاتی خۆی نەبێ.

نامۆبوون دیاردەیەکی مرۆڤایەتیە، لەبەر ئەوە لە هەموو جۆرە ژیانێکی کۆمەڵایەتی و هەموو کومەڵگەیەکانی دنیادا هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین نامۆبوون لە زۆربەی سەردەمەکاندا هەبووە، بەڵام هەمیشە بە یەک وێنە نەبووە، چونکە ئەم دیاردەیە بە پێی کۆمەڵگە و پلەی ڕۆشنبیری جەماوەرەکەی دەگۆڕێ.

ئێستا پەیوەندی نێوان کەسەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، ملکەچی یاسای بازاڕە و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەک و ڕکابەرەکان لە بازاڕدا لەسەر ململانێ وئیستغلالکردن وەستاوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری یاسای بازاڕ.

بێبەریکردنی کرێکار لە بەرهەمی کارەکەی دەبێتە مایەی نامۆبوونی کرێکار و دەبێتە کەسێکی نامۆ بە ئامراز و هۆیەکانی بەرهەمهێنان، هەروەها ئێمە لە ڕێگەی پارەوە کاڵا و شمەکەکان بەدەستدێنین و بەکاریاندێنین و ئێستا هەر کەسێک پارە و سەرمایەی هەبێت، ئەوا دەتوانێت نایابترین تابلۆی هونەری بکڕێت، ئەگەرچی ڕەنگە بەهای هونەری تابلۆیەکەش نەزانێت، واتە پارە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات ببێتە خاوەن هەموو شت و کاڵایەک و پارە بۆتە وزە و توانای مرۆڤ.

حەزکردن لە بەکاربردن و و خولیای مەسرەفکردن وشمەک کڕین، حەزێکە جیایە لە پێداویستیە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ و بەکاربردن بۆتە ئامانجێک لە خودی خۆیدا و مرۆڤی هاوچەرخ عەودال و ئالودەی کڕین و بەدەستهێنانی کاڵای نوێ و زیاترە و پرۆسەی کڕین و بەکاربردن، بۆتە پرۆسەیەکی ناماقول وناسروشتی و کڕینی دوا مۆدێلی شت و کاڵاکان، بۆتە ئامانجی زۆربەی مرۆڤەکان و خۆشی لێ بینین وچێژی بەکارهێنانی شتەکان، بۆتە چێژێکی لاوەکی وشمەکەکان بوونەتە ئاغا و گەورەی تاکی کۆمەڵگەی ئێمە، کە گوێڕایەڵیانە ودەیانپەرستێ، بۆیە مرۆڤی هاوچەرخ بۆتە ئامێر و بەکاربەر، بێ ئەوەی بتوانێت ڕوحی تاکەکەسیەتی ڕاستەقینە بەدەستبێنێ.

ڕەنگە خولیای مەسرەفکردن و پەرستنی کاڵاکان لای مرۆڤی هاوچەرخ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤی ئێستا هەست بە دڵەڕاوکێ و بێ ئومێدی وپچڕان و بۆشایی دەکات لە ژیاندا، بۆیە ئەمانە هەمووی وا لە مرۆڤ دەکات پەنا بۆ خولیای مەسرەفکردن وکڕین ببات و بەم جۆرە دەیەوێت ڕابکات لە تووڕەیی و دڵەڕاوکێیەکەی و لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت بوونی خۆی بسەپێنێت و هەست بە بوونی خۆی بکات، واتە بەکاربردنی شمەک و دواکەوتنی دوا مۆدێلی شتەکان لای مرۆڤی هاوچەرخ، خەم ڕەوێن و دەمامکێکە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خۆی پێدەشارێتەوە.

پانتۆڵی (جینز) وبڕینی قژ بە شێوازی نوێ وگوێگرتن لە مۆسیقای دیسکۆ،..... بونەتە سیما و خاسیەتی گەنج ولاوەکان.

جەختکردن و بایەخدانی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بە کار و ژیانی ئەستێرەکانی (گۆرانی، وەرزش، سینەما،...) وبایەخدان بە بەرنامەی بێ سوود، کە تەنیا بۆ کات بەسەربردن پێشکەش دەکرێن، وەک ڕۆشنبیریەک، وەک شێوازێکی بوون، بەند و پەیوەستە بە بەکاربردن پیشاندانی ئەم بابەتانە وەک شێوازێکی بوونیکی چاکتر، بەها و بنەما و ڕەفتارە مرۆییەکان ئاوەژوودەکاتەوە، هەروەها درک بەوەبکەین کە سایکۆلۆژیەتی ڕیکلام بەندە بە فرۆشتنی خەون و وروژاندن ختوکەی هەست و حەزەکان، لە ڕێگەی پەیوەستکردنی کاڵاکان بە تەندروستی و جوانی وشکۆمەندی، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات بکەوێتە ژێر کاریگەری ڕیکلامەکان، بۆیە بەکاربەر حەز و مەیلی بەکارهێنانی کاڵاکانی لەلا گەشەدەکات و حەزدەکات شتەکان بکڕێت.

تەنانەت ڕیکلامەکان دەیانەوێت ناسنامەی کەس و مرۆڤەکان لە ڕێگەی کڕین و بەکاربردنی کاڵاکان دیاربکەن، وەک بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە " تۆ گرنگی لەبەر ئەوەی ئەم کاڵایە یان فلان کاڵا بەکاردێنی" ئەمەش مانای وایە کە کولتووری زۆر بەکاربردن لەناو ئێمەدا تەشەنەی کردووە و بڵاوبۆتەوە وبەکاربردن بۆتە بەها و مەرجەع و ڕابەر.

ئەم ڕەفتارەی بەکاربردنیش هۆکارێکە بۆ گەمارۆدانی مرۆڤ و چارەنووسەکەی و هەڕەشە لە هاوسەنگی نێوان ڕەهەندەکانی بوون و کیانی مرۆڤ دەکات و دەبێتە هۆکارێک بۆ بێبەشکردنی مرۆڤ لە فراوانکردنی ژیانی و ژیانی بچوک و بەرتەسک دەکات بۆ ئەوەی تەنیا حەز و چێژی بەکاربردن بمێنێتەوە و ببێتە بوونەوەرێکی بەفیڕۆدەر و مەسرەفکەر.

بایەخدان بە مەسرەفکردن نەک بەرهەم، بۆتە مۆدێلێک و ئەم مۆدێلە لە کوردستاندا زیاتر بەرجەستەبووە و کۆمەڵگەی کوردەواری بۆتە کۆمەڵگەیەکی مەسرەفکەر نەک بەرهەمهێن.



**محەمەد سلیمان عەباس**